## دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد

ئەوە ناوی کتێبێکی کەم لاپەڕەیە ڕێزدار "صارم الدین صادق وزیری" بۆ بەرپەرچ دانەوەی کتێبی بیرەوەرییەکانی دوکتۆر هاشم شیرازی نووسیویە و لە پەیوەندی دوو کەسایەتی کورد – پێشەوا قازی محەمەد و نەمر ئیحسان نووری دا بۆچوونەکانی ئەوی ڕەد کردۆتەوە.

کتێبەکە لە چوار بەش پێک دێت:

بەشی یەکەم و دووهەم وەڵام دانەوەن بە نووسینەکانی دوکتۆر شیرازی لەمەڕ ئەو دوو کەسایەتییە؛
بەشی دووهەم، سەبارەت بە ئیحسان نووری پاشا.
بەشی سێهەم، کە دوور و درێژترە، باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران لە ساڵی 1332[1953] و کاندیدبوونی خۆیەتی لە شاری مەهابادەوە و لەم پەیوەندییەشدا بەرپەرچی قسە و هەواڵی ڕاگەیێنراوی دوکتۆر شیرازی داوەتەوە؛ و بەشی چوارەم پەیوەندی نووسەرە لەگەڵ دوکتۆر محەمەدی کەیوانپور(موکری).

من لەبەر ئەوەی دەقی کتێبەکەی دوکتۆر شیرازیم لەبەر دەستدا نییە، لێرەدا هەڵوێستێک ناگرم و لام وایە کەسانی وەک ڕێزدار مامە غەنی بلووریان و جەلیلی گادانی کە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەیەن بەچاوی سەر بینیوە، باش بێت سەبارەت بە مەسەلەکان ڕوونکردنەوە بدەن.

ئەوەی لە پەیوەندی بۆکان لە کتێبەکەدا هاتبێت بریتین لەوانەی خوارەوە:

- نوێنەرایەتی عەبدوڵڵا ئاغای ئێلخانی زادە لە مەجلیسی ئێران و دەوڵەتخوابیەکەی(لاپەڕە 7 و 17)؛
- سەعیدی هومایون، ئەحمەدی تورجانی زادە، حەمەدئاغای عەبباسی(لاپەڕەکانی 43، 57 و 71)؛
- مەسەلەی گۆڕانی سندووقی دەنگ لە بۆکان و مەهاباد و سەردەشت بە قازانجی "ئیمامی" واتە ئیمام جومعەی تاران و دژایەتی کردنی ئاغاواتی ئێلخانی زادە لەگەڵ صادق وەزیری(لاپەڕە 72)؛
- لایەنگری کردنی "حاجی قاسم[کەریمی] خەباتگێری ناوداری بۆکانی" لە صادق وەزیری (لاپەڕە 72)؛
- گۆڕینی سندووقی دەنگی بۆکان (لاپەڕە 73).
- هەروەها ناوی بۆکان لە پەیوەندی چەند بابەتی دیکەشدا هاتووە (لاپەڕەکانی 85 و 86).

سارم خانی سادق وەزیری گەنجینەیەکی بەنرخی مێژوویی هاوچەرخی کوردستانە و خۆزیا بەم نامیلکە بچووکانە و وەڵام و شەڕە قسانە کفایەتی نەکردایە و بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسیایەتەوە.

صارم الدین صادق وزیری، "دفاع از دوچهره برجسته جنبش ملی کرد زنده یادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجرای انتخابات دوره هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد" ناشر ؟ ، محل انتشار؟ ، سال 1383[2004]، 88 صفحه، فارسی.